# سیمبولێك بۆ شەرمەزاری

هەژێن

پێش ئەوەی بڵێین " نا"، پێویستە بزانین بۆ " ئا" !

نزیکەی سەدەیەکە «٨ی ئازار» وەك ڕۆژی جیهانی ژنان ناسراوەو لە ژێر کارایی هەوڵوتێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەیەکی جیهانیدا، ئەم ڕۆژە لەزۆرێك لەوڵاتانی جیهاندا بە ڕەسمی ناسراوە، هەرچەندە سەروەران زۆر هەوڵیانداوە ئەم سمیبولە بێناوەڕۆك بکەنو بەسەرهاتێك کە ئەو ڕۆژەی کردە سیمبولی ئازادیخوازیو هاوتاخوازی ژنان لەسەرتاسەری جیهاندا، لەبیری مرۆڤەکان بەرنەوە.

لەم ڕۆژەدا بوو کە دەستەیەك ژنی مانگرتوو، لەلایەن سەرمایەداریکەوە بە پلانێك سوتێنران، لەبەر ئەوەی دەستیان بۆ چەکێك بردبوو، کە نیشانەی لە سەروەری نوێنەرانی خوا لەسەر زەوی دەگرت، بەردێکیان لە تڕکەلەکی سەرمایە دەردەکێشا، کە سیستەمەکەیان لەسەری وەستابوو. نابەرابەری ئابوری، کە بەردی بناخەی هەر هەلاواردنێکە. بەمجۆرە پۆلە ژنێکی شۆڕشگێر، کە بە خوێنیان ئاڵای خەباتی هاوتاخوازییان سوورکرد، بوونە سمبولی خەباتو ئەم ڕۆژەش بوو بە ڕۆژی هاتنەمەیدانی سەرتاسەری ژنان. هەر لەژێر فشاری ئەو بزووتنەوەدا بوو، ڕژێمە هارەکەی بەعسی بۆرژوازی ملی بە ڕەسمی ناسینی ئەم ڕۆژە دا. کەچی نۆکەرانی ئامریکای جیهانخۆر، دەستەگوڵی دیاریان بۆ ژنانی عیراق لە سای دیموکراسیدا، سڕینەوەی ئەم ڕۆژەیە وەك سیمبولێكو دیاریکردنی ڕۆژی لەدایکبوونی « فاتە قورەیشی»یە بە ڕۆژی ژنان لە عیراقدا.

بێلەوەی کە کێشەی ژنان کێشەیەکی جیهانییەو خەباتی ژنانیش لە عیراقدا پێشینەیەکی جیهانی هەیەو گۆڕینی ئەم سیمبولەش داپڕینی خەباتی ژنانە لە بزووتنەوە جیهانییەکە. بابزانین « فاتە» کێیەو بۆ ناتوانێ سیمبول بێ بۆ ئازایخوازیو هاوتاخوازی، بەڵکو سیمبولە بۆ ملکەچیو کۆیلەتی بێپەردە. جارێکیان ژنێکی داخلەدڵو وەگیان هاتوو دەچێتە لای فاتە قورەیشی کچی حەمەی ئامە قورەیشی( پێغەمبەری ئیسلام)و لێی دەپرسێ : ئەرکی ئێمەی ژن بەرامبەر پیاوەکانمان چییە ؟ فاتەش بۆ وەڵامی گونجاو دەچێتە لای باوکیو لێیدەپرسێ. حەمەش لە وەڵامدا دەڵێ : ژنان نەك تەنیا دەبێ خواردنو پێداویستی ڕۆژانەی پیاو دابین بکەن، بەڵکو دەبێت کاتی گەڕانەوەی پیاویان دەرپێیان لەبەرنەبێو لەباری ئامادەدا چاوەڕێی پیاوەکانیان بکەن، نەکا پیاوەکە لەدەرەوە ئالۆشی جولابێو ژنەکە فریا نەکەوێ بچێتە جێگاوە بۆیو ئالۆشەکەی دامرکێتەوە. فاتەش دەڵێ : سەروەرم من ئەمەم نەزانیوەو هیوادارم خودا لە گوناهەکانی لەمەوبەرم خۆشبێ. بەمجۆرە ئەم پەیامە بە ژنان دەگەیێنێ. ئەمە ئەو کەسایەتییەیە کە ژنانی موسوڵمان پەیڕەوی لە کردەوەو ڕێنماییەکەکانی دەکەنو بڕیارە لەسای دیموکراسیدا ژنانی عیراق بە شانازییەوە مۆمی یاداوەری بکوژێننەوە. ئایا ژنان عیراقو پیاوانی ئازادیخواز مل بەم سوکایەتتییە دەدەن ؟ ئایا ژنان کەسایەتییەك کە ساڵانێکی دورودرێژ بە خەباتو تێکۆشان بەدەستیان هێناوە، لەدەستی دەدەنو دەچنە ژێرباری ئەم شەرمەزاییە؟ ئەگەر نا، بۆ دەنگ هەڵنابڕنو ناڕژێنە سەرشەقامەکان، دژ بە ئەنجومەنو یاساو دیموکراسییەك، کە بەپێی شەریعەتی هەزاروچوارسەد ساڵەی خێڵەکی نیوەدورگەی عەرەبی، پەیامەکەی بە هەڵاواردنی نەتەوەکانو ژنان دەستپێدەکات ؟